کورد و

شەڕەکەی نێوان ڕوسیاو تورکیا لە ساڵی ١٨٧٧ - ١٨٧٨ دا

● نووسینی خەلیل جاسم ●

وەرگێرانی: د. کاوس قەفتان

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە لەژێر سایەو دەسەڵاتی خۆیدا گەلێك میللەتانی ئەورووپاو ئاسیای یەك خستبوو، تووشی تەنگە و چەڵەمەیێکی سیاسی و ئابووری قورس و گران بوو. دەمێك بوو هێزو توانای جەنگی ئیمپراتۆرییەتەکە پەکی کەوتبوو. راپەڕینە رزگاری خوازەکانی میللەتە زۆر لێکراوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەتەکە نیشانەی ئەوە بوون ئیمپراتۆرییەتەکە زۆر نابات بەلادا دێت و دەڕو خێت.

هەوڵ و کۆششی سوڵتان، بۆ ئەوەی لەڕێی ئیسلاحاتەوە، ئامانجە میرییەکان بێتەدی، سەری نەگرت، میللەتەکانی بەڵکان پاش هەموو شەڕو بەیەکاچوونێکی رووسیاو تورکیا خەباتیان بەتین تر دەرکردو مافەکانیان هێندەی‌تر دەچەسپاند.

دەوڵەتە گەورەو مەزنەکانی ئەورووپا، سوودیان لە لاوازی دۆخی ئابووری‌و جەنگی‌و سیاسی ئەستامبوول دەدی‌و هێندەی‌تر دەستیان دەخستە کاروباری ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی‌و هەوڵیان دەدا بەرژەوەندییە کۆلۆنیالییەکانیان بە چارەنووسی میللەتەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ببەستن، ئەو میللەتانەی لە پێناوی سەرفرازی خۆیاندا تێ ئەکۆشان. کێشەی «میراتەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی» پەیوەندی بە پەرژەوەندی گەلێك لە دەوڵەتە ئەورووپاییەکانەوە هەبوو.

لە ئەنجامی سەرکەوتنی میسرییەکان لە ساڵانی (20 - 30)ی، سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتی سوڵتان و هەیبەتەکەی بەسەر میللەتانی عەرەب و کوردو ئەرمەندا تەواو کزبوو. هەر بۆ نموونە ئەو دەسەڵاتە لە کوردستاندا سەرزاری‌و رەواڵەت بوو. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بنەماڵە سەردارەکانی رەواندوزو بۆتان و بدلیس و هی‌تر بەڕێوەبەرایەتی‌و سەردارێتی راستەقینەیان بەدەستەوە بوو. ئارەزووی حەز بە جیابوونەوەی ئەم سەردارانە بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەکانی سەر سنوور بوون خەوو خۆراکیان لە ئەستامبوول بڕیبوو سوپایێکی گەورەی هێزەکانی تورك بە فەرماندەی رەشید پاشا، پاراستنی ئاسایش لەم ناوچەدا (نارەحەتانە) پێ سپێردرابوو. بەڵام کوردو ئەرمەنەکان بەتوندی بەرهەڵستی هێزەکانی عوسمانی‌یان دەکرد.

ئەو هەستی ناحەزی‌و تووڕەییەی لەناو کوردەکاندا دوای کردەوە خوێناوییەکانی رەشید پاشا دژی تورك تەشەنەی کردوو، دووایی لە رۆژانی شەڕەکەی قرمدا لە راپەرینێکی وەها توندو بێژدا لە کوردستان تەقییەوە، بووە هەڕەشەیێکی راستەقینە بۆ ئەستامبووڵ. ئینگلیزە هاوپەیمانەکانی تورك لە شەڕەکەی قرمدا دەورێکی کەمیان لە کوژاندنەوەی ئەو راپەڕینەدا نەبوو.

ئەم شەڕە هێندەی‌تر عوسمانیەکانی لاواز کردوو و ناچاری کرد لە دووارۆژدا زیاتر بکەوێتەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئەورووپاییەکانەوە. ئەو دەوڵەتانە دەستیان دەخستە کاروباری ناوەوەی وولات و دەستیان بە تەواوەتی بەسەر دۆخی ئابووری‌و دارایی وولاتەکەدا گرتبوو. وولاتەکە کەوتبووە گێژاوی

-بوتییەوە، خەزێنەش بەتاڵ بوو، لە ئەنجامی کردەوەی حەنگی، گەلێک لە زەوی‌و زارەکان کەڵکی چاندن و کێڵانیان یوە نەمابوو. دۆخی ئابووری چەند هەرێمێکی گرنگە سەرەو گووم بوو بوو، دانیشتووەکان سەری خۆیان هەڵ دەگرت و ئەو -وچانەیان بەجێ‌دەهێشت. دزی‌و جەردەیی‌و رووت کردنەوە بەرەی سەندبوو، لە دۆخێکی وەهادا، سوڵتان لە ساڵی 1856دا فەرمانێکی سوڵتانی دەرکرد. ئەوەی بە ناوی (خەتی هەمەیونی) -وبانگی دەرکرد.

(خەتی هەمەیونی) ئامانجەکانی میللەتی نەهێنایەدی. بەڵکو ەپێچەوانەوە وولاتەکەی هێندەی‌تر خستە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەدارێتی بێگانەوە. ئەمانە هەموویان بوونە هۆی تەشەنە کردنی نارەزایی دانیشتووان بە تایبەتی لەو شوێنانەی مەیانی شەر -وون.

کوردە دامەزراوەکان و ئەرمەنەکان، دووای ئەوەی هیوایان ەوە بری کە دەرفەتێک بدۆزنەوەو بتوانن بە ئاسوودەیی بژین. -چار کران کەل وپەل و ماڵ و موڵکیان بەجێ‌هێشت و گەلێک لە هەریمەکانیان چۆڵ کردو سەری خۆیان هەڵگرت و ئاوارە بوون. ـە ساڵی 1873دا سەرهەڵگرتن و وولات بەجێ‌هێشتن گەیشتە ـ دەیێکی ئەوتۆ هەتا گەلێک لە کاربەدەستانی تورکی ترساند.

سامی پاشای موشیری ئەرزروم بێ‌وەستان داوای لە قایمقامی (باسینا) کرد (لەوێ، لە هەموو شوێنێکی‌تر زیاتر خەڵکەکە کەوتبوونە نیشتمان بەجێ‌هێشتن) خێرا سەر لەو گوندانە بدات و والە دانیشتووەکانیان بکات مەزبەتە بنووسن و ئەوەی تیدا ئاشکرا بکەن کە چاویان لەژێر دەستەیی سوڵتانەو هەرگیز حەز ناکەن ئەو «تورکیا جوان و بەهەشتە» بەجێ‌بهێڵن. ـەس زۆری نەبرد قایمقامەکە ناچار بوو بە برووسکەیێک وەڵامی ـداتەوەو دان بەوەدا بنێ کە ئەرمەنەکانی باسینا رازی نەبوون مەزبەتەکە بنووسن. پێویست بوو باج و سەرانەی‌تر دابنرێن. ـریاردرا بە زۆر کوردە نیوە کۆچەرەکان نیشتەجێ بکرێن.

ئەم پرۆژە نوێیەی «دامەزراندن»ە، دانیشتووە کوردەکانی، سنجاقەکانی ئەرزروم و قارس و بایەزیدو وان و مووشی بە ئەواوی وروووژاند. ئەو مەترسییە سەرەکییەی کوردەکانی لەم پرۆژەیە دەترساند ئەوەبوو لەتەک باج و سەرانەدان بە میری دەبوو سەربازیشی بدەنێ.

عەشرەتە کوردەکان هەر ئەوەیان بۆ مابۆوە، یان دەبێ راست ببنەوە یاخوو هیچ نەبێ روو بکەنە سنوورەکانی ئێران و رووسیا، ئەمەش (واتە رووکردنە رووسیا ـ وەرگێر). ئامانج و خواشتێک بوو لە مێژەوە لەسەری سەرەك عەشرەتە کوردەکاندا بوور، چەند جارێك دیبلوماسییە رووسەکانیان لێ ئاگادار کردبوو و لەژێرەوە پەنجەیان بۆ درێژ کردبوو.

سامی پاشا کەوتە خۆ ئامادە کردن بەو نیازەی بەیارمەتی کاربەدەستانی عوسمانی بەرهەڵستی کوردەکان لەناو بەرێت. ئەم خۆ ئامادە کردنەی موشیر هێندەی‌تر دانیشتووەکانی وورووژاند. «لێرە، هەرەشە کۆ دەبێتەوە هێزو دەسەڵاتەکەی عوسمانیەکانیش دەرەقەتی نایەت» ـ ئوبیرمیللەر لە مارتی ساڵی 1873دا، بۆ (ن. پ. ئیگناتۆف)ی کونسوڵی رووسیا لە ئەستامبووڵ نووسی. ئەم بۆچوونەی کونسوڵەکەی رووسیا (ئوبیرمیللەر کونسوڵی رووسیا بوو لە ئەرزروم ـ وەرگێر) هەروا بەخۆرایی نەبوو، چونکە عەشرەتە کوردەکان لەژێر باری باجی قورس و گراندا لە نالەبندا بوون. لەدووا چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا، خەزێنەی دەوڵەت، تەنیا لە کوردەکانی قارس هەموو ساڵێك (720) هەزار پیاستەری کۆ دەکردەوە.

ئەوەی دۆخەکەی هێندەی‌تر ئاڵۆزتر دەکرد ئەوەبوو لەم کاتەدا، هێزەکانی عوسمانی شەری خۆیان لەگەڵ کوردو ئەرمەنی ناوچە شاخاوییەکانی گاڤارو وان تەواو کردبوو و خۆیان بۆ پەلاماردانی عەشرەتە نیوە کۆچەرەکانی باکوور ئامادە دەکرد. ئەو هێزەی پەلاماری بازووری دەداو بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل پاشابوو (کوردێکی خەڵکی قارس) بوو، یەکێك بوو لەوانەی تا ناخی ئێسکی خۆی بە سوڵتان فرۆشتبوو و بەرامبەر نەوەکەی زۆر دڵ رەقانەو بە ئەوپەری بێ بەزەییەوە دەجووڵایەوە»، کوردەکانی ناوچەکانی ئێگیلیاو ئەخجاکێندو بۆتان و جزیرەو گەلێك ناوچەی‌تر کەوتنە بەرئاگری رق و کینەی.

دۆخە پەشۆکاو و ئاڵۆزەکەی ناوچەکانی باکووری ـ رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەسەد پاشای سەدری

ئەعزەمی ناچارکرد موشیر سامی پاشا لە سەرداریتی ئەرزرۆم لابدات و موستەفا فوسفۆر لە جێگای دابنێت. ئەم موشیرە نوێیە دەریخست گەلێك لە موشیرەکەی پێشوو بێدەسەلات و ترسنۆك ترە. بە واتەی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادری رووداوەکان بوون. ئەو بێدەسەلاتییەی فۆسفۆر، ترسی ئەوەی پەیداکرد لابرێت. دانانی بەریوەبەرو سەرداریکی نوێ نەیتووانی رق و کینەی دانیشتووە کوردەکان بەرامبەر بە زۆرداری عوسمانی بگۆرێت.

هەموو ئەو ناوچانەی کوردو ئەرمەنە دامەزراوەکان تیاباندا دەژیان لە باکوورو رۆژهەلاتی بەشەکانی کیلیکیاو زەیتوونیو ناوچەکانی دراوسێیان لە رق و ناحەزی دژی دەسەلاتی عوسمانییەکیان دەگرتەوە. لە ساڵی 1875دا، ئەرمەنەکانی زەیتوونی راپەرینەکەیان دەست پێکرد. ئەو راپەرینەی شەرەکەی نێوان رووسیاو تورکیا هەڵویستەکەی دەست نیشان کرد. عەشرەتە کوردەکانی ئەلبیستان و ئاچنیو چەند ناوچەیەکی تر دەستیان دایە چەك.

ئەوەی بووە مایەی مەترسیو هەرەشە بۆ ئەستامبوول، رووداوەکانی دەرسیم بوو. ئەو ناوچە شاخاوییەی دەکەوێتە نێوان رووباری کاراس (کە دەرژێتە فوراتەوە)و فوراد چایەوە.

کوردەکانی دەرسیم لەگەڵ ئەرمەنەکانا تا ساڵانی حەفتای سەدەی نۆزدە هەمیش چالاکانە بەرەنگاریی دام و دەستگەی عوسمانیان دەکردوو بەتەواوەتی سەربەستی خۆیان پاراستبوو.

لە ساڵانی 50 ـ 60دا کاربەدەستانی عوسمانی وایان دەزانی کە لە رێی بەکارهێنانی چەك و سوپاوەو تۆخ کردنی پەلاماردانی ناوجەرگەی ناوچە شاخاوییەکان دەگەنە ئەنجام و **پەلاماردانی** سەر بە ناوچە سەختەکانی دەرسیم شۆر دەکەن، بەلام کە دییان ئەوەیان بۆ نایەتە دی، ئەوسا کەوتنە بەکارهێنانی سیاسەتی «تێلاو شیرینی». (واتە بە دەستێك تێلا بکێشە بە دوژمنەکەتداو بە دەستەکەی تریش دەمی شیرین بکە ـ وەرگێر). سوودیان لە دوژمنایەتیو ناحەزی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر یەکتری بینیو لە رێی دیاری بەخشین و دەم چەورکردن و پەیمان و بەڵین دان توانییان چەند بەگێکی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن. ئەم سیاسەتی دوو بەرەکی نانەوە. کە کاربەدەستانی عوسمانی تووەکەیان چاند بەری خۆیدا.

نامەکەی کونسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم کە بۆ کونسوڵی رووسیای لە ئەستامبوول نارد، باشترین نموونەیە. کونسوڵی ئەرزرۆم لەو نامەیەیدا دەنووسێت: «کە سامی پاشای موشیری ئەرزرۆم توانی کوردەکانی ئەوێ بکات بە دوو دەستەی ناحەز بە یەك و یەکێك لەو دەستانە بکات بە پیاوی میریو هەمیشە چاویان لە یارمەتیو پشتگیریو دیاریو چاودێری میرییەوە بێت». ئەو بەگە کڕاوانە دەبوو سەرانە بە میری بدەن و سەربازیش بۆ سوپاکەی بنێرن.

دەرسیم ناوچەیێکی شاخاوی سەخت بوو و رێگاوبانی هاتوو چۆکردنی واتە هی سوپایی ـ وەرگێر تێدانەبوو و سوپاکانی عوسمانی پێیان نەدەکرا بە ئاسانی بگەنە ئەوێ.

لەبەر ئەوە کاربەدەستانی عوسمانی زۆریان لە بەگە کوردەکان دەکرد رێگاو بان بکەنەوە. رێگایێك لە نێوان دیاربەکرو ئەرزنجاندا بکەنەوە، بە پلوموورو خۆزات و مالازگیرو پالوودا بروات. موشیر سامی پاشای زۆرزان، ئەوەی دڵنیابوو لەوەی کردنەوەی ئەو رێگاوبانانە دەبێتە هۆی داگیرکردنی دەرسیم، یەکێك بوو لەوانەی بە گەرمیو لە دڵەوە هەوڵی دەدا ئەو پرۆژەیە سەربگرێت و بێتەدی.

سامی پاشا بەڵێنی بەو کوردانەی دەرسیم دا کە باجیان لەسەر بوو: «بەرامبەر ئەو باجانەی لەسەریان مابوو لە رێگاوبان دروست کردندا ئیش بکەن و بەرامبەر بەوەش نان بە کرێکارەکانی دەرسیم بدات. (نیاز لە نان تەنیا نانی ووشکە ـ وەرگێر)، بە فەرمانی موشیر بۆ دروست کردنی رێگاکە خێرا هەشتاهەزار گوێنی ئامادەکرا (دەبێ نیازی لە ئاردبێت ـ وەرگێر) بەلام هەتا ئەمەش فریانی عوسمانی نەکەوت. ئەو بەگانەی دەستیان دەخستە دەستی ئەستامبوڵەوەو یارمەتیان دەدا ناویان دەزراو دەسەلاتیان بەسەر کوردەکاندا نە دەما. بگرە گەلێك لەوانەی ئەو رێگاو سیاسەتەیان گرتەبەر وەك میللەت فرۆش سەیر دەکران بە کوشتن سزا دەدران. لە ساڵی 1875دا گیولابی بەگی قایمقامی دەرسیم لەلایەن کوردە راپەریوەکانەوە کوژرا.

«کوردەکانی دەرسیم خۆفرۆشتنی شێخەکەیان زۆر بەلاوە تاڵ و ناخۆش بوو و رازی نەبوون رێگاوبان درووست بکەن».

کونسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم ئەم هەواڵەی بەو جۆرە گەیاند: ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان رووسیاو عوسمانی وەك چۆن کاری دەکردە سەر ئەرمینیا، وەهاش کارێکی زۆری دەکردە سەر دۆخی کوردستان.

لە ساڵی 1875وە ئەزمەیەکی سیاسی نوێ سەری لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەرهێنا. لە هەرێمەکانی رۆژئاوای ئیمپراتۆرییەکەدا میللەتە سلاڤییەکان راست بوونەوە. جا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی رووسیاو نەمساو ـ مەجەرو بەریتانیاو دەوڵەتانی تر لەو هەرێمانەدا تێکەڵ بە یەك دەبوون. دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆز دەبوو. لە سرب و شاخە رەشەکان. میللەت بەرەوپیری راپەرینەکەی گیرتسیگۆن و بۆسنەوە چوون و پشتگیریان کرد. بولگارەکانیش خێرا پاڵیان دا تەك راپەڕیوەکانەوە عوسمانیەکان هەوڵیان دەدا دەسەلاتیان بەسەر میللەتە سلاڤییەکاندا بهێڵنەوە. هەرچی دەوڵەتە گەورەکانە ئەوە هەرێیەکەیان بۆ ئەوەی زووتر بگاتە گەرووەکانی دەریای رەش و دەست بەسەریانا بگرێت، لەسەر ئەوە لەناو خۆیاندا لە مشتومڕدا بوون. «کێشەی چارەنووس دووارۆژی دەسەلاتی عوسمانی لە ناوچە سلاڤییەکان و یۆنان و ئەلبانیا، هەروەها دەست بەسەرا گرتنی گەرووەکانی دەریای رەش» لەبەر دەمدا بوو.

لەم دۆخەدا، لەم تەنگە و چەڵەمەیەدا، ئەستامبوول هەوڵی دا راپەرینەکەی رۆژهەلاتی وولات لە بار بەرێت. لەوەش زیاتر هەوڵی دا هەستی عەشرەتە کوردەکان، بەتایبەتی سەرۆکەکانیان بەلای خۆیدا راکێشێت.

بۆ ئەم نیازەش بەڵێن و دیاریو دەسیسە ئامادەکرا. سامی پاشای موشیری ئەرزرۆمی زۆزان و دونیادیدە، چالاکانە کەوتە ئەوەی لە کوردەکان هێزی «سوارەی» میری بۆ شەرو جەنگی دووارۆژ، بۆ ئەو جەنگەی چاوەروان دەکرا، ئامادە بکات. بەلام دەستکەوتی سامی پاشا لە لیواکانەوە هیچی وەها نەبوو. ئەوەبوو لە 29ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1876دا برووسکەیێکی خێرای لە موتەسەریفی وان و مووشەوە وەرگرت ئەوەی تێدا هاتبوو، کە کوردەکان ئەو ژمارە سەربازانە نادەن کە لێیان داواکرابوو، بگرە لە کوزیجان بەتوندی بەرهەڵستی ئەو داخوازییەیان کرد، ئەوسا سامی پاشا فەرمانیدا بە بەکر بەگی خاتوون ئۆگڵی مووچەخۆر کە لە عەشرەتەکانی زیلانلیو کاسکانلی کورد، سەرباز بۆ سوپا بگرێت. ئەو عەشرەتانە بەڵێنیان دا نزیکەی (1600) سەرباز کۆبکەنەوە.

بەلام لەوە دەچوو پەلەیان نەبێت. سامی پاشا کە ئارامی لێبرابوو لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی 1877دا ئیبراهیم پاشای کردە سەر عەشرەتەکان (ئەمەش یەکێك بوو لەو سەرۆکە کوردانەی خۆی بە ئەستامبووڵ فرۆشتبوو). بەلام کوردەکان بێ ئەوەی ئاور لە هەرەشەو گورەشەی ئیبراهیم پاشا بدەنەوە. رازی نەبوون سەرباز کۆبکەنەوەو بەنیازی گفتوگۆکردن نوێنەری خۆیان ناردە لای رووسەکان.

سامی پاشا بەتایبەتی چاوی بڕیبووە کوردەکانی دەرسیم، ئەوانەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی پاشکۆیێکی جێی بڕواو هیوا نەبوون. سامی پاشا حوسەین بەگی قایمقامی کوزیجانی بانگ کردە لای خۆیو داوای لێکرد (دە) هەزار کورد کۆبکاتەوە. حوسەین بەگیش بەرامبەر بەمە داوای پارەو پوول و زیرو وولاخ و کەل وپەلیکی زۆری کرد. کوردەکانی ژێر سایەی حوسەین بەگ ئەم رێك کەوتنەیان بە دڵ نەبوو و نارەزایی خۆیان دەربڕیو ئامادەیی خۆیان پیشان دا نە سەربازو نە باج بەمیری نەدەن. «ئەگەر ئەم شەرە بۆ پاراستنی نیشتمان بێت، ئەوە پێویستیمان بە یارمەتی سوڵتان نییە. بەبێ یارمەتی ئە دەتوانین نیشتمانەکەمان بپارێزین». بانگی ئەمەیان دا.

شێخ سولەیمانی سەرداری دەرسیمی مەرکەزی، سوودی لە دۆخە شێواو ئاڵۆزەکەی رۆژهەلاتی نزیك دیو بڕیاریدا سەر بۆ کاربەدەستانی عوسمانی شۆڕ نەکات و دان بە دەسەلاتیاندا نەنێت. خاوەنی دووانزە هەزار چەکداری مەشق پێکراو بوو، ئەو هێزە بەسەر پێنج مەلادا دابەش کرابوو. چەند بەگێکی دەسەلات داری کورد لە رێی پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ سەرکردە جەنگییە رووسەکاندا، هەوڵیان دا جێ پێی خۆیان

قایم بکەن. ئەوە بوو مەنسوور ئاغای قایمقامی خۆزاتا هەر کە بیستی هێزەکانی رووس لە ناوچەی ئەلیکساندەرە پۆل گرد دەبنەوە، یەکێك لە باوەڕپێکراوەکانی نارد بۆ لایان و پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەگەر رووسەکان روویان کردە ناوچە دراوسێیەکانی دەرسیم، ئەوا ئەم ئامادەیە خزمەتیان بکات.

پەیوەندیو هەستی کوردەکانی دەرسیم بەرامبەر شەڕەکەی رووسیاو عوسمانی، روون و ئاشکرا لەو نامەیەدا خۆی دەردەخات کە کوڕی یەکێك لە کوردە خاوەن دەسەلاتەکان واتە مەحموود بەگی کوزان ئوگلی پاش تەواوبوونی شەڕەکە بە دە ساڵ نووسراوە. لەو نامەیەدا کوزان ئوگلی داوا لە چاری رووسیا دەکات دەستی یارمەتی درێژ بکات و داوا لە ئەستامبوول بکات کەس و کارەکەی بەرەڵلا بکەن، ئەوانەی لە ئەنجامی ئەوەی چالاکانە لە رۆژانی شەڕەکەدا یارمەتی رووسیان داو لەلایەن عوسمانیەکانەوە گیران و پەرمووازە کران.

بەریتانیا ئاورێکی تەواوی لە خۆ ئامادە کردنە جەنگییەکەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەدایەوە. سڵی لەوە دەکردەوە کارەساتەکەی ساڵانی شەڕەکەی قرم دووبارە ببێتەوە، کاتێك کوردەکان سەرۆکایەتی یەزدان شێر راپەرینێکیان دژی عوسمانیەکان بەرپا کرد. بەریتانیا ئامادەبوو هەموو رێی شوێنێك بگرێت و بەکاربهێنێ بەو نیازەی سامانەکانی کوردستان دژی رووسیا بەکاربهێنێ. لەبەر ئەوە بێ‌ووچان زۆری لە کاربەدەستانی عوسمانی دەکرد هەموو سەرۆکە کوردە بە دەسەلاتەکان لەوێ دوور بخاتەوە.

(واتە لەسەر سنوورەکانی نزیك رووسیاوە ـ وەرگێر ـ). لە ساڵی 1873دا. ئوبەر میللەری کۆنسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم بەم بۆنەیەوە دەنووسێت: «لەم کێشەیەی ئێستەی کوردەکاندا. نەك عوسمانیەکان بەڵکو ئینگلیزەکان دەوری سەرەکیان هەیە. «ئینگلیزە هاوڕێیەکەم». (نیازی لە کۆنسوڵی ئینگلیزە لە ئەرزرۆم کە بوویوو بە هاوڕێی ـ وەرگێر)، فەمانی پێدراوە، هەوڵ بدات بەرهەڵستی کردنی کورد بە جۆرێك لەناو بەرێت راست بوونەوەی بۆ نەبێت. ئەمەی هەتا لەگەڵ خواستی عوسمانیەکان خۆیاندا ناگونجێت و ناکلێت».

کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزرۆم. لەسەر داخوازی ئیلیۆتی کۆنسوڵی بەریتانیا لە ئەستانبوول. گەشتێکی بە هەموو کوردستاندا کرد، بەو نیازەی زانیاری دەربارەی ئەو سەرۆکە کوردە بەدەسەلاتانە کۆ بکاتەوە کە مایەی مەترسی بوون بۆ عوسمانی.

ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی سەرۆکە کوردەکان لە کوردستان دوور نجنەوە، هەولیان دەدا لە رێی دیاریو بەڵێنەوە بەلای خۆیاندا ژ یان بکێشن.

لە هەمان کاتیشدا بە هەموو جۆرێك کۆششیان دەکرد ئەرمەن و میللەتە گاورەکانی‌تر لە خواستی سەرفرازی بوون دوور بخەنەوە.

هەوڵ و تەقەللاکەی ئینگلیز سەری نەگرت، لە ئەستامبوول سەرومر دژی ئەو داخوازییەی بەریتانیا بوون سەرۆکە کوردەکان لە کوردستان دوور بخرێنەوە. بە رای کاربەدەستانی عوسمانی کردەوەیێکی وەها توندوتیژ و کاری‌گەر دەبووە بیانوو هاندەرێك ئەو دۆخەی خۆی لە خوێدا لە باکووری رۆژهەلات و ناوچەکانی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا ئاڵۆزو شێواو بوو، هێندەی‌تر بشیوێنیو ئاڵۆزتری بکات.

سیاسەتی رووسیا لە رووی بەراوردکردندا، لە رۆژهەلاتی نزیکدا معتدل بوو. پاش شەڕەکەی قرم رووسیا هێشتا نەهاتیوەوە سەرخۆی، لەبەر ئەوە ئەی دەویست بە ئاشکرا دەستەویەخە لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپاییەکاندا بوەستێ.

یارمەتیو پشتگیری رووسیا بۆ بزووتنەوە رزگاری‌خوازەکەی میللەتانی بەلقان ناوەروکێکی مەعنەویو سیاسی گەورەی بۆ میللەتانی روژهەلاتی نزیك هەبوو، لەتایبەتی بۆ ئەرمەن و کوردەکان کە لە پێناوی سەرمرازی نەتەویی‌دا تێ‌دەکۆشان.

هەست و پەیوەندی دۆستایەتی‌خوازی سەرۆکە کوردەکان بەرامبەر رووسیا لەو نامەیەدا دەرکەوێت کە موریس میلیکوف لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1876دا بۆ جەنەراڵ مایۆر پاڤلۆڤی نووسی. لەو نامەیەدا دەنووسێت: «کوردە ناسراوەکان خزم و باوەڕپێکراوەکانی خۆیان ناردە لای لە ئەلیکساندەرە پۆل و ئاگاداریان کرد لەوەی هەمیشە وەك جاران ئامادەن خزمەتمان

بکەن، بگرە داوایان لێ‌کرد چ ئامۆژگارییەك هەیە بیانداتێ».

لە هەمـــان کاتـدا سەرکـردە جەنگییـەکـانی رووس نرخێکی تەواویان بەبەشدار بوونی کوردیان لە شەردا داو نرخی کوردیان بەراسـتی بۆ عوسمـــانیــەکـــان کردوو هەڵســـەنگـــانــد: «نـــە دانیشـتـووەکـانی قەفقـاس و نە داغسـتـانییـە شاخـاوییـەکان وەك عەشـرەتـە کوردەکـانی ژێـردەستی عوسمـانی بۆ عوسمانیەکان گرنگ نەبوون».

سەرکردە جەنگییە رووسەکان لەو رایەدا بوون کە کوردەکان لەو شەرەدا (ئـەوەی چاوەڕوانی داگیـرسـانـدنی دەکـرا ـ وەرگێر) دژی کاربـەدەسـتـانی عوسمانی راست دەبنەوە. ئەم بڕوایەشیان لەوەوە بۆ هاتبـــوو «چـونکـە کوردەکـان لە مێـژەوە رق لێ بوونی داگیرکەرەکانیان بۆ مابۆوە».

بەڵام لە رووسیا ئەوەیان باش دەزانی کە حکومەتی عوسمانی بە هەمـــوو جۆرێـــك هەوڵ دەدات کوردکـــان بەلای خۆیــدا رابکێشێت، چونکـە یادی راپـەرینـەکەی یەزدان شێر هێشتا لەبیر نەچووبۆوە. جەنەراڵ ئەدیوتانت ئیگناتۆف ئەمانەی لەیاد نەکرد. بۆیە لە کانوونی دووهەمی 1876دا بەخێرایی ئامۆژگاریی کرد پێـــویستـــە «سـەرکـردایـەتی قەفقـاس بێ وەستـان هەوڵ بدات کوردەکـــان بکـــەن بە دۆستی خۆیـــان و لەژێـــرەوە پەیـــوەنـدی لەگەڵیاندا بۆ شەری دوواڕۆژ پەیدا بکەن. ئەگینا عوسمانیەکان بەمـەرایی و ئینگلیـزەکـانیش بە دەسیســـەو پیـلان گێران وا دەکەن هەموو کوردە شەرکەرەکانمان لێ راست بکەنەوەو بیانکەنە دوژمنمان».

هەر کە شەرەکـــەی نێـوان عوسمـانیـەکـان و رووسیـا دەستی پێ‌کرد، ئاشکرا دیاربوو، کە عوسمانیەکان ئامادەی شەر نەبوو. ژمارەی سەربازەکان کزبوو و بەش نەدەکرد. جل و بەرگ و عتاد زۆر ناتەواو بوو. فایق پاشای سەرکردەی هێزە نیزامییەکان لە وان لە دۆخێکی تەواو شرو شلوق دا بوو. هەر خۆی دەربارەی ئەو دۆخە دەنووسێت و دەڵێ: «لە وان لە باتی سوپاییکی شەست هەزاری، تەنیـــا (370) سەربـــازی رەش و رووت و پەلـێـکی سووارەی کەم وولاخ و بەتارییەکی شاخاوی هەبوو».

لە ساڵی 1877دا، تا رادەیێـــك دۆخـەکـە گۆرانی بەسـەردا هات. رازی بوونی شێـخ عوبـەیـدووللای سەرۆکە ناسراوەکەی کورد بەبـــەشـــدار بوون لە شەردا گەلێـك لە کوردەکـان بۆ لای عوسمانی راکێشا.

وەك ئیڤانۆڤی کۆنسـۆلی رووسیا لە ئەرزرۆم. لە نامەیەکیا کە دەربـارەی کوردەکـانی بۆتـانـە لەوە دەدوێ، کە نە عوبـەیدوڵلاو نەشێخ حوسەینی باپیریو نە باوکی شێخ تاها قەت حەزیان لەوە نەکردووە هەڵوێستێکی ناحەزیان بەرامبەر رووسیا هەبێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمیشە دژی عوسمانیەکان بوون و «هەمیشە لەژێر پەردەی پاراستن و پارێـزگـاری یەوە چوون بە دەنـگ ئەو بنـەماڵە سەردارانەی میسوپۆتامیا کە دژی میری راست دەبوونەوەو دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردن».

کەواتە ئەم بەشداربوونەی شێخ عوبەیەوللا لەو شەرەی دژی رووسیا، چۆن روون بکرێتەوە؟

عوسمـانیـەکـان بۆ ئەوەی رێ لە رووسیا بگرێت دەسەلات و نفـوزی خۆی بەسـەر ناوچـە رۆژهـەلاتییەکانی ئیمپراتۆرییەکەدا بلاوبکاتەوە، هات بانگی جەنگی ئاینی (غەزا)ی، دا.

بێگومان شێخ عوبەیدوڵلا وەك سەرۆکی یەکێك لە مەزهەبە موسڵمـــانـــە هەرە گەورەکـان خۆی دوورە پەرێـز لەو بانگـەوازی غەزایە بووەستێ.

لەبەر ئەوە بە خۆیو (300) لە موریدەکانی بەرەو باکوور، لای هێێ سنوور کەوتەرێ. هەر لەوێش پاش ماوەییکی شەر دەستی پێ‌کرد.

گومان نییە ئەم کردەوەیەی لە خواست و ئامانجی سیاسییەوە دوور نەبـــوو، دەیـــویست سود لە شەرەکـــەی نێـوان رووسیـاو عوسمـانیـەکـان دەسەلات و نفوزی خۆی بلاوتر بکاتەوەو پەرەی پێ‌بسێنێ. هەروەهـــا چاوی لەوەشـــەوە بوو ببێتـــە سەرکـردەی هێـزەکـانی کورد. بۆ ئەوەی لە دوواڕۆژدا دژی عوسمـانیـەکـان بەکاریان بهێنێ.

کاربـــەدەستـــانی عوسمـــانی کە باش ئاگـــاداری ئەوە بوون ئامـادەکـردنی پێـویستی سوپـا چەند قورس و گرانە، هەوڵیان دا سود لە توانای نارچەکانی سەر سنوور ببینن بۆ ئەوەی نەیەڵن سوپاکانیانت بەبێ ئازووقە بمێننەوە.

کوردەکانی بایەزید دەبوو بە دەم کوتییەوە هەموو جۆرە سەرانەیێك بدەن و خواردەمەنی بۆ هێزەکانی عوسمانی ئامادە بکەن. «هەموو بنەماڵەیێکی سنجاقی بایەزید دەبوو بۆ ئەو هێزانەی بەرێوەبوون ـ جەنەرال لیوتینانت تێر ـ گوکاسۆف بۆ لۆریس مێلیکۆڤ دەنووسێت ـ دوو بەران و بە باتمان (16ف)، رۆن و دوو جووت گۆرەوی خوری بدەن بەو کوردانەی لەلایەن کاربەدەستانەوە دانرابوون. کوردە دامەزراوەکان ئەگەر پێیان نەکرابایە ئەوانە بدەن ئەوە دەبوو بەپارە بیقەبلێنن».

لە رۆژانی شەڕەکەشدا بێگا رێکیتریش پەیدابوو. واتە دابەش کردنی سەربازەکان بەسەر ماڵی جووتیارەکاندا. ئەمەش لەسەر ئارەزووی قائمقام وەستابوو. نارێك وێکی ئازووقە هاتن بۆ سەربازەکان و هەروەها دوواکەوتنی مانگانەی سەربازو ئەفسەرەکان دەبوونە هۆی پەیدابوونی دزیو جەردەییو تالانی کردن.

بە هۆی ئەو پارە خەرج کردنە بێ شومارو بێ سنوورەی کۆشکی سوڵتانییەوە. خەزینەی دەوڵەت تابووت بوو. لە ئەنجامدا کاربەدەستان ناچار بوون بکەونە قەرزکردن. سەرکردایەتی جەنگی ناچار بوو روو بکاتە خەڵك و خواکەی ئەرزرۆم و پارەو پوولیان لێ بسێنێ هەتا مووچەی سەربازەکانی بدات.

رووی دەدا کاربەدەستانی عوسمانی بە ئەنقەست و بە ئاشکرا هێزە نیزامییەکانیان بۆ تالان کردن و رووت کردنەوەی دانیشتووەکان بەکار دەهێناو هەروەها بۆ چاوترساندن و سرادانی ئەوانەی لە رووياندا دەوەستان و بەرهەڵستییان دەکردن. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان دەدا هێزە نانیزاییەکانیش بەکاربهێنن، بەتایبەتی هێزە کوردەکان.

ئەوەبوو موختار پاشا لە برووسکەیەکدا کە بۆ فایق پاشای فەرماندەی سوپای ناردبوو بە ئاشکرا پێویستی ئەوەی تیاهاتبوو بەڵێشاو سەرباز لە هەرێمی یەریڤانەوە بۆ سوپا بنێردرێت «کە لە دۆخێکی تالان کردندا دەژیان». جگە لەمەش هێزە نانیزامییەکان بۆ هێرشی ناکا بۆ سەر باڵەکانی هێزەکانی پێشەوەی سوپای رووس بەکار دەهێنران. کوردەکان حەزیان لەوە دەکرد بەشداری ئەو جۆرە کردەوە جەنگییانە بکەن. لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای شەڕەکەدا نارەزایی خۆیان و مل نەدانیان پێشانی سەرۆکە شێخەکانیان داو هەر ئەوەندەی هەلیان بۆ هەڵ بکەوتایە مەیانی شەڕیان بەجێ دەهێشت.

لە بروسکەکەی فایق پاشادا کە لە 17ی تەمووزی ساڵی 1877دا بۆ موختار پاشای ناردووە، ئاشکرا ئەو ترسە گەورەیەی تیادەردەخات چۆن کوردەکانی سەر بە شێخ عوبەیدوولڵا بەهۆی کەمی ئازووقەو نەبوونی چادرەوە نیازی بڵاوە لێ کردنیان هەیەو چەکە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن و چەکی نوێترو شتیتر کۆ دەکەنەوەو دەیبەن.

زۆری نەبرد کوردەکان کەوتنە ئەوەی دەستە دەستەو بە کۆمەڵ وازبهێنن. هەر لە 17ی خوزەیراندا. لەلای بایەزیدەوە (1500)کەس وازیان هێنا... هەزار کوردی ناوچەیێکیتریش دایانە پاڵیان. لە رۆژانی ئابلوقە دانەکەی قەڵای بایەزیدا، شێخ عوبەیدوولڵا لە پێنج هەزار چەکدارەی لەگەڵیابوو و لە ریزی سوپای نانیزامیدا بوون تەنیا 1443 کەسیان مایەوە، واتە سێ جار کەمتر. ئەمە شێخ عوبەیدوولڵای ناچار کرد واز لەو هێزە بهێنێ کە ئابلوقەی بایەزیدی دابوو و بەرەو (بارگیری) بگەرێتەوە.

زووی دەدا کوردەکان راستەوخۆ رازی نەدەبوون لابدەنە لای عوسمانییەکان زۆر جار داوایان لە رووسەکان دەکرد لە سوپاکانیاندا وەریان بگرن. کەپیتان نۆرمانی ئینگلیزی، ئەوەی رووداوە جەنگییەکانی جەبهەی قەفقاسی بە چاوی خۆی دیبوو، لەو کارەیدا کە دەربارەی شەڕەکەی رووسیاو عوسمانیەکان ساڵی 1877 ـ 1878دا نووسیویەتی بە داخەوە لەوە دەدوێ چۆن کوردەکان پاکانەیان بۆ کردەوەو هەڵوێستە سلبییەکانیان لە شەڕەکەدا نەدەکرد.

کاربەدەستانی عوسمانی کە لە راستیدا دەسەڵاتیان بەسەر هێزەکانی کوردا نەمابوو، لە دووهەم ساڵی شەڕەکەدا، توانیان بۆ ماوەیێك چەند هێزێکی نانیزامی دروست بکەن.

سەرکەوتنی هێزەکانی رووس لە قارس و بایەزیدو چەند ناوچەیێکیتر کارێکی گەورەی کردە سەر دۆخی سیاسی لە

کوردستان و هەستی ناحەزیو دوژمنایەتی دژی عوسمانی لەناو دانیشتووە کوردەکاندا گەرم کرد. ئیڤانۆڤی کونسوڵی رووسیا لە ئەرزرۆم، دوای داگیرکردنی قارس خێرا نووسی: «بەرزام وایە. کوردستان بیر لە راست بوونەوە دەکاتەوەو بگرە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات».

رووداوەکانی دەرسیمی شاخاوی نموونەیێکی راستی ئەو بۆچوونەی کونسوڵەکەی رووسیا بوو.

ئەگەر ئەستامبوول لە ماوەی رۆژانی شەرەکەدا توانی بە هەر حاڵێك بێت هێندێك لە کوردەکان بێنێتە ریزی سوپاکانییەوەو چەند عەشرەتێکی کوردی نیوە کۆچەر بە لای خۆیدا رابکێشێت، ئەوانەی لەو شەرەدا تەنیا چاویان لە تالانی کردن بوو، بەڵام کوردەکانی دەرسیم کە بەرمیلێکی پر لە ئاو دەچوو لەسەر ئاگر دانرابێت. دەکوڵاو دەکوڵاو چاوەروانی دەرفەتێك بوو بتەقێتەوە.

بەگە دەسەڵات دارەکەی (کۆزان)، ئەوەی رازی نەبوو داخوازییەکەی ئەستامبوول بەجێبهێنێ، واتە سوپایێکی (25) هەزار کەس کۆبکاتەوەو رێگا بدات هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بگەنە مەیانی شەر، بەپێچەوانەوە بە یارمەتی کوردەکان خێرا رێگاکانی قارس و تۆکاتاو سیواس و ئەرزرۆمی گرت و رێی هاتوچۆکردنی هێزەکانی میری بەربەست کرد.

دۆخەکەی دەرسیم مەترسییەکی وەهای بۆ کاربەدەستان دروست کردبوو، ناچار بوون لەژێر پەردەی (یاسا پاراستنەوە) هێزێکی گەورە بنێرنەسەر دەرسیم، بەڵام ئەو هێزە لەلایەن . دانیشتووانەوە بەرهەڵستییەکی توندکرا.

دەبێ ئەو راستییە دەست نیشان بکرێت چۆن (بێلیۆت)ی، یاریدەدەری کونسوڵی ئینگلیزی لە ئەرابزوون، سەرەرای ئەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر کوردەکانی دەرسیم هەیبوو کەچی لە یەکێك لە نامەکانیدا خۆی پێ ناگیرێت و دان بەوەدا دەنێ کە کوردەکان بۆ ئامانجی «سەربەخۆیی» راپەرین و حەیفە رووداوەکانی دەرسیم بە جەردەییو تالانی کردن لە قەڵەم بدرێن.[29]

لەشکری چووارەم بریتی بوو لەو هێزە سەرەکییەی پەلاماری دەرسیمی دا. چەند هێزێکی ناوچەیی تری عوسمانیش چوونە پاڵی. شەرە گەورەو سەرەکییەکان لە بنناری شاخەکانی تووژیك و هوت روویان دا. هەموو ئەو دانیشتووانەی لە دەست هێزەکانی عوسمانی هەڵاتبوون لەو شوێنانە گرد بووبوونەوە.[28]

بەرهەڵستی کردنی کوردەکان لەسەر بناخەیێکی رێکخراو دامەزرابوو. دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەرسیم کە لە سەرەرێی هێزەکانی عوسمانیدا بوون. بە خۆیان و کەل و پەلیانەوە روویان کردە شاخی تووژیك و لەوێش خۆیان بۆ جەنگ ئامادەکرد. کاتێك لەشکری چووارەمی عوسمانی گوندە چۆڵ بووەکانیان سووتاند، بەلای(خۆزاتادا) رووی کردە شاخی تووژیك. ئەوسا شەردەستی پێکرد، ئەو شەرەی سێ رۆژی خایاند. کوردەکان داوای یارمەتییان لە عەشرەتە دراوسێیەکان کرد. بەڵام ئەوانیش لە دۆخێکی شردا بوون. لەم تەنگانەیەدا کوردەکانی خرانیو ئەرمەنییەکانی میراگاچوون بەدەنگ ئابلۆقە دراوەکانەوە. هێزە یەکگرتووەکانی کوردو ئەرمەن عوسمانیەکانیان ناچارکرد دۆڵی پاخ بەجێبهێڵن.

بەڵام هێزەکانی عوسمانی دووای ئەوەی یارمەتییان بۆ هات جارێکی تر کەوتنەوە پەلاماردان. شەر داگیرساو لە ئەنجامدا عوسمانییەکان هەڵاتن. دووای ئەم سەرنەکەوتنە کاربەدەستانی عوسمانی بریاریان دا هێزیتر بنێرنە سەر کوردەکانی تووژیك. یەکێك لە بەشداربووەکانی شەرەکە ئەمەی خووارەوەی بۆ (ئەنداریك) گێرایەوە: «دووای سەرکەوتنەکە بە پێنج رۆژ، سوپای عوسمانی گەرایەوە کەوتە پەلاماردانێکی توندوتیژ. عوسمانییەکان بە تۆپ شاخەکانیان بۆردومان دەکرد. شەرەکە پانزە رۆژ دەوامی کرد. هەردوولا بەبێ تاقەت چوون شەریان دەکرد. عوسمانیەکان کە دییان بەزەبری ئاگر دەرەقەتمان نایەن، ئەوسا بریاریان دا لە رێی ئاوو خواردەمەنی لێبرینەوە وامان لێبکەن خۆمان بەدەستەوە بدەین».

لە دۆخێکی وەهادا، دوو رایی لەسەر خەباتی دووروودرێژ لە نێوان ئابلۆقەدراوەکاندا سەری دەرهێنا. دەستەیێك رایوابوو تووژیك بەجێبهێڵن و رووبکەنە تیریسیو لەوێ قایمکاری خۆیان بکەن. دەستەیێکیتریش لەو رایەدا بوو ئەو پلانە لەوانەیە

بهێنە مایەی ژێر کەوتن.

لە ئەنجامدا دەستەیێك دریان بە دوژمن داو خۆیان گەیاندە خووتی - تیرێسی. عوسمانییەکان سوودیان لەم لاواز بوونەی دەرسیم بینی و هێرشێکی توندیان بردوو تووژ یکیان گرت و دڕندانە کەوتنە گیانی دانیشتووەکانی. پاش داگیرکردنی تووژ یلك کوردەکان دەست بەرداری خەبات کردن نەبوون و لە ناوچەی ئەرزنجان کەوتنە شەڕی پارتیزانی.

سەرکەوتنەکانی هێزەکانی رووس لە جەبهەی قەفقاس، کارێکی گەورەی لەسەر ڕێڕەوی ڕاپەڕینەکەی کوردەکانی دەرسیم هەبوو.

جارەهای جار سەرۆکە کوردەکان روویان دەکردە رووسەکان بەو نیازەی کردەوەو چالاکی جەنگی هەردوولا یەك بخەن. «من لە سەرچاوەی باوڕ پێکراوەوە دەمزانی - بیلیۆت لە نامەیێکی تریدا دەنووسێت - کە کوردەکانی دەرسیم پاش ئەوەی لە لەشکرەکەی موختار پاشا گەڕانەوە، چاویان لەوە بوو کە هێزەکانی رووس پەلاماری ئەرزنجان دەدەن، لەبەر ئەوە راپەڕینەکەیان تەقاندەوە». بەڵام ئەم نیازو خواستەی راپەڕیوەکانی واتە یەکگرتنەوەی هێزی سوپایی ئەوان لەگەڵ هێزەکانی رووسدا لەبەر چەند هۆیێك نەهاتە دی. لە کاتێکدا هێزەکانی عوسمانی پەلاماری دەرسیمی دەدا، لە هەمان کاتیشدا پەلاماری (خووتی - تیرێسی) شیان دەدا. کە بنکەو قەڵایێکی سەختی ڕاپەڕیوی کوردو ئەرمەنەکان بوو.

لە دۆڵی مەنزوور، راپەڕیوەکان، خراپ عوسمانیەکان شکاندو ناچاریان کردن واز لە هێرش هێنان بهێنن. لە ئەنجامی ئەم شەڕەو شەڕی تردا، کاربەدەستانی عوسمانی جارێکی تر ناچار بوون دەست بەرداری ئەو خواستە بن، کە دەرسیم بەتەواوەتی داگیربکەن و بیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

دەرسیمییەکان لە ڕێی خەبات و خۆبەخت کردن و ئازایەتی هەزارەها لە ڕۆڵەکانی کوردو ئەرمەنەوە، توانی تا رادەیێك سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. ئەو شوێنانەی عوسمانیەکان داگیریان دەکرد، پاش خۆیان بەوێرانی بە جێیان دەهێشتن.

یەکێك لە رووخسارەکانی راپەڕینەکەی دەرسیم ئەوەبوو سرووشتێکی جەماوەری هەبوو. گەورەو بچووك، ژن و پیاو، نوێنەرانی عەشرەتەکان و چینەکان بەشداریان کرد. ئەفسەرە عوسمانیەکان، ئەوانەی بەشداری شەڕەکانی دەرسیمیان کردبوو، دانیان بەوەدا ناوە کە ئافرەتانی دەرسیم وەك پیاوەکانی مەردانە لە کۆڕی شەڕدا دەجەنگین.

ڕاپەڕینە ئازادیخوازەکەی دەرسیم کاری کردە سەر خەباتی بەشەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی ناوچە گرنگەکانی وەك هەکاری و بۆتان و جزیرە.

ڕاپەڕینەکەی دەرسیم کە بە شێوەیێکی عوفوی بەرپابوو لە ئەنجامی ئەوەی کا بەدەستانی لە ڕۆژانی شەڕەکەی نێوان رووسیاو عوسمانیدا زۆریان لە کورد دەکرد دژی رووسیا راست بێتەوە، کۆتایی بەوە هلت کوردەکان دەست بەرداری سەربەخۆیی خۆیان نەبوون و دۆخە سەربەخۆییەکە وەك خۆی مایەوە. ئەمەش لە دوواڕۆژدا دەورێکی باڵای لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی کوردی دژی عوسمانی هەبوو.

ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان رووسیاو عوسمانیدا لە بەهاری ساڵی 1878دا بۆ ئاشت بوونەوەو یەك کەوتن دەستی پێکرد ڕێی لەو تەشەنە کردن و چوونە ناوەوە سەرکەوتووەی رووسیای گرت کە خەریك بوو بە قووڵایی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێگا بۆ خۆی بکاتەوە.

هەرچەندە کوردەکان شوێنێکی گەورەیان لە سیاسەتی عوسمانی بەریتانیاو رووسیاو دەوڵەتانی تردا هەبوو. بەڵام نە لە ڕۆژانی شەڕو ناکۆکیدا. نە لە کات و ساتی گفتوگۆی ئاشتیخوازەکەی سان ستیفانۆداو نە لە کۆنگرەکەی بەرلیندا کێشەکەی کود بەرەو پێشەوە نەبزاو بە شێوەیێکی جیاو لاوەکی سەیری نەکرا.

---

* ئەم باسە لە کتێبی راپەڕینی کوردەکان، کە لە نووسینی (جەلیل جاسم)ە وەرگێردراوە.